# کوردەکان لە عێراق جیادەبنەوە

هەواڵ

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

گالبرەیت، دیپلۆماتی پێشووی ئەمەریکایی و دۆستی نزیکی سەرانی کورد وتی "فیدراسیۆنێکی بنکە فراوان"ی وەکو کەنەدا و بۆسنە مۆدێلێکی گونجاوە بۆ عێراق. بە بۆچوونی پیتەر گالبرەیت کە بە مامۆستای ئەقڵی کوردەکانی عێراق دادەنرێ، کوردەکان کە لە شەڕدا هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ماوەی درێژخایەندا داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکەن. پیتەر گالبرەیت کە دۆستی نزیکی سەرانی کورد جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیە و پێشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە کرواتیا و ئێستا پرۆفیسۆری لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەکادیمیای جەنگی ئەمەریکایە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا کە تایبەت بوو بە عێراق، وتەیەکی پێشکەش کرد.

ئەمەریکایی ترین هەرێم

گابرەیت وتی کوردەکانی عێراق لە شەڕدا لە نزیکەوە هاوکاری سەربازیی ئەمەریکایان کرد و ئەو پشتیوانیەی تورکیا نەیدا ئەمان پێشکەشیان کرد و، ئەو ناوچەیەی بە "کوردستان ناو دەبرێ، وەکو نزیکترین لایەنگیری ئەمەریکا لە جیهاندا" لە قەڵەم دا. گالبرەیت ئەوەیشی وت کە کوردەکانی عێراق لە ماوەیەکی نزیک و لە فیدراسیۆنێکی بنکە فراواندا داوای هەبوونی پەرلەمانی خۆیان و هێزی ئاسایش و دەسەڵاتی باج کۆکردنەوە دەکەن. دیپلۆماتی پێشووی ئەمەریکایی پیتەر گالبرەیت ڕایگەیاند کە کوردەکان لە قەوارەکەی خۆیان ڕازین و ئامادە نین دەسەڵاتی خۆیان ڕادەستی بەغداد بکەن و وتی "ئەگەر مافی هەڵبژاردنی ئازاد بدرێ، ئەوا هیچ کوردێک ناسنامەی عێراقی پەسەند ناکات و ناشکرێ کوردەکان بە زۆری چەک بە عێراقەوە بنوسرێن. " گالبرەیت وتی کوردەکان کە بەهێزترین ئەندامی عێراقی فیدراڵی دەبن، ئەگەر بۆ نموونە دوای 10 ساڵی تر داوای جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە لە عێراق بکەن، ئەوا نابێ ئەمەریکا لەو داخوازەیان نیگەران بێت. چاودێران ڕادەگەیەنن کە وتەکانی گالبرەیت ڕەنگدانەوەی ئومێدی زۆر نزیکی کوردەکانی عێراقە.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئاکشام **2003/6/18**